# سۆراخ


حەسەن مستەفا

## لێکچوونی بەختیار عەلی و هیوا قادر
## لە
## "ساتێك لە تێڕامانی جەلادو ئەورۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا"

زۆرن ئەو دەقە جوانانەی وەك شـاکار دەمێننەوە و تواناکانی بیرو زمانی کەسـەکە بەدیاردەخەن، جا ئەم شـاکارانە لە نامەیەکی زۆر کورتەوە بیگرین بۆ شـیعرێك تا رۆمانێك...هەموو ئەو نووسینانە لەخـۆ دەگرێ کـە بەزیندوویی دەمێننەوە، پێموایە یەك لە هەوڵە هەرەجوانەکانی شـاعیر هیوا قادر، ئەو شـیعرەیەتی کەلەسـەرەوە ئاماژەم بە ناونیشانەکەی کردووە، ئەو هاتووە مانیفێستی مەرگی خۆی نووسیوەتەوە بوێرانە پەنجەی خستۆتەسەر ئامادەیی تەواوی ئەو تەنە زیندوو و مردووانەی لە ژیاندا مامەڵەی لەگەڵدا کردوون بەتەواوی هەستەکانی . هەرچەندە زۆر شتی تر ماوە کە ئاماژەیان پێنەدراوە، بەڵام هیچ کەس ناتوانێ تەواوی هەموو ئەوشـتانە لە چامەیەك یان لەشـیعرێکی کورتدا جێ بکاتەوە، وەکو ئەو هاتووە وێنەی بە ئێمە بەخشـیوون‌و پێمان دەڵێ؛ لەرێی ئەو دیمەنانەوە دەکرێ سـەرنجتان بـۆ زۆر لایـتر پەرت بکەن‌و زۆر دیمەنی شـاراوە بدۆزنەوە کە دوای مەرگی مـن تێدەپەڕن. هیوا قادر لەم کارەیدا ئەوپەڕی جوانکاری لەڕسـتەکاندا کردووە و قوڵاییەکـی زۆر لە ماناکانیدا بەدی دەکرێت. زۆر بە زەحمەت بواری خستنەسـەری زیادەیەکی هێشـتۆتەوە، شـیعرەکە لەکەڤاڵێك دەچێ کەهەموو رەنگەکانی تیا بەکارهاتبێ‌و زەوقی بینەر بەسەرنجێکی جوانەوە بەلای خۆیدا رادەکێشێ. لەو شیعرەی بەختیار عەلیشـدا هەمان ناوەرۆك بەدی دەکەین، هەرچەندە ئەم شیعرەی بەختیار بەشێکی کورتە لە بەشی گەورەی چامەی جەلاد، ئەویش بەهەمان شێوە باس لە زەمەنی دوای چوونە ناو بێزەمەنی خۆی دەکات. هەمان ئەو وێنانە دووبارەدەبنەوە کە هیوا هێناونیەتە زمان، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کورت لێی براندۆتەوەو نەیویسـتووە چیتر ئێمە هیلاك بکات بە پیاسـەی نێو باخچەکانی مردن. هەوروا ئەویش دەسـتی راداشـتی دەسـتی (تابلۆکێشـان) کردووە کە بێن لەو کەرنەڤاڵەدا خێراترین وێنەکانی خۆیان بکێشـن تا زەمەن چیتر تێنەپەڕیووەو دوایین وشـەکانی سـەر زمانی ئەویش وەك کۆشێك گەڵا، کە با بردوونی بۆ ئەودەوروبەرەو بێن رەنگە وەریوو شکاوەکان کۆبکەنەوەو کەڤاڵی خۆیانی لێ پێکبێنن. ئەم دوو وێنە لێکچووە بۆ لێك وەرگرتن گومان ناخاتە سـەر کاری هەر یەکێکیان، ئەوەندەی فرەڕەهەندی لەکاری هەریەکەیان ئەسەلمێنێ، بۆ ئەم مەبەستەو هەر لەسەر ئەم بابەتەدا نیکۆس کازانتزاکیسیش لە رۆمانی زۆربا، ویسـتوویەتی ئەم بابەتە تێنەپەڕێنێ‌و قسـەیەکی لەبارەوە بکات کەدەڵێ:( من بەردەوام بیر لە مەرگ دەکەمەوە و لێی رادەمێنم و لێی ناترسم). بۆ ئەم رایەش کە دەڵێ (کاتێك دەقێك ئەبێتە کارێکـی دانسـقە، کە یەك کەس لە دەرگاکەی دابێ‌و خۆی کردبێ بـە ژوورا، بەڵام کە دەبن بەدووان و سـیان ئیتر دابەشبوونێك لە خۆی دەنوێنێ‌و سەرنجەکانیش دابەش دەکات‌و تەرکیزی خوێنەر بەچەند ئاراسـتەدا دەبات‌و نایەڵێ لەسەر بالیفی خەیاڵی تەنها یەکێکدا سەرخەوێك بکات). تەنها ئەوەندە بەسە کە بڵێین: لەبەرامبەر هەر وێنەیەکدا ئەشـێ هەریەکەمان بەشـێوەیەکی جیـاواز لەویتر ئەو وێنەیە ببینین.